کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-10-2007 0:57:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تامەزرۆ

نزار ناشاد
Nzar_nashad@yahoo.com

ئێوارەیەو مات و بێدەنگ لەسەر ڕێگەت ڕاوەستاوم
چاوەڕێی بینینێکی تۆم گلێنەی چاوی گریاوم
هاتووم وەکو پەپولەیەك بۆنی هەناسەت وەرگرم
لە چاوانتا سەفەر بکەم لەناو دڵتا ئارام بگرم
ئاگام لێ یە شەقامەکەش هەروەکو من چاوەڕوانە
فەرشی سووری ڕخستووە بۆ پێشوازی لەم ژووانە
درەختەکانی سەرە ڕێش دەستیان لەملی یەکدایە
چاوەڕێی هاتنی ئێمەن بۆمان بوونە کەپرو سایە
دە دەرکەوە هەناسەکەم بینینت خەم ئەڕەوێنێ
نیگای چاوت خۆشەویستی بەسەر دڵما ئەبارێنێ